

# مەترسییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا

**بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ڕۆژانە ٢٥ هەزار کچی خوار تەمەنی یاسایی (١٨ساڵ) لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا هاوسەرگیری دەکەن. بێگومان ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕێژەیەکی زۆر بەرزی هەیە، زۆرینەشیان لە باشترین حاڵەتدا جیابوونەوە و لە خراپترین حاڵەتەکانیشدا خیانەتی هاوسەری و خۆکوشتنی لێکەوتووەتەوە. پسپۆڕانی کۆمەڵناس و دەروونناسیش زۆر جار جەختیان لەوە کردووەتەوە کە مەترسییەکانی هاوسەرگیریی زۆرن، بۆیە خوازیاری ئەوەن بە یاسا ڕێگری لە پاڵنەرەکانی ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە بکرێت. لە لایەکی دیکەوە داتا و ئامارەکان فاکتی گرینگی بەدواداچوونەکانن، بەڵام هەتا ئێستا ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئاماری جیابوونەوەی هاوسەرانی لەساڵی رابردوو (٢٠١٥) لە باشووری کوردستان ئاشکرا نەکردووە، بەڵام هەر گەڕانەوەی بۆ ئاماری ساڵانی رابردوو، بەراوردکردنیان لەگەڵ ئامارە نافەرمییەکانی جیابوونەوەی هاوسەران، زەنگێکی مەترسیدارن کە هەڕەشە لە شیرازەی خێزانی دەکات. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان را و سەرنجی خۆیان هەیە و مەترسییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا تاوتوێ دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ قەدەغە دەکەن و بەپێی یاسای زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو بەشوودانی پێشوەختی کچان دەچێتە خانەی توندوتیژی و دەستدرێژی بۆسەر منداڵەتی کچ. کەچی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە کوردستانیشەوە هاوسەرگیریی پێشوەخت وەك دیاردەیەك بوونی هەیە. لە ئاستی جیهانیشیدا ساڵانە (١٤) ملیۆن ئافرەت لە تەمەنی (١٤ تا ١٩) ساڵ دەبن بە دایك و دایکانی ژێر تەمەن ١٥ساڵیش زیاترین قوربانییەکانی ئەو دیاردەیەن کە لەکاتی منداڵبووندا گیان لەدەست دەدەن. سەرەڕای ئەوەش زۆربەی ئەو هاوسەرگیرییانە جیابوونەوەی هاوسەران و زۆر کێشەوگرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە.

نەغەدە محەممەد ساڵح بەرپرسی ئەنجومەنی دەڤەری گەرمیانی یەکێتی ئافرەتان کوردستان، باسی ئەوە دەکات کە «هاوسەرگیریی پێش وەخت، یان زوو بە شوودانی کچان بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار و قەیرانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دروستکردووە». سەبارەت بە هۆکارەکانیشی دەڵێت: «لەوانەیە هەندێك جار باوك یان دایك، بە فشار و زۆرەملێ کچی خۆیان بە مێرد بدەن، بەڵام زۆر جاریش کچان و کوڕانی ئێمە کە تەمەنیان دەگاتە تەمەنی نەوجەوانی، پێوەندییەکی ناتەندروست لەگەڵ یەکتر دروست دەکەن و بە هەڕەشەی خۆکوشتن و ترساندن، دایك و باوکیان ناچار دەکەن، بەو هاوسەرگیرییە رازی ببن، واتە هەندێك لەو کچانە لەلایەن خێزانەکانیانەوە هیچ فشاریان لەسەر نییە و زۆربەیان بە رەزامەندی خۆیان لەو تەمەندا هاوسەرگیری دەکەن، زۆر جاریش تەنیا دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك لە هاوسەرگیرییەکە پەشیمان دەبنەوە و ئاکامی ئەو پەشیمانییەش بە تەڵاق و جیابوونەوە کۆتایی پێدێت، چونکە مرۆڤ لە تەمەنی نەوجەوانی و هەرزەکاریدا کەسێکی کامڵ نییە، تەنیا منداڵێکی گەورەیە و نازانێت بەرپرسیاریەتی و خێزانداری چییە، بۆیە ئەگەر لەو تەمەنەدا هاوسەرگیری بکات، ئەوا داهاتووی خۆی ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە. هەرچەندە هەندێکجار پاڵنەری ئابووری دەبێتە هۆکارێکی دیکەی ئەو بابەتە، بۆ نموونە ئافرەتی بێوەژنمان هەیە پێنج شەش کچی هەیە، کچەکانی یەك یەك لە تەمەنێکی بچووك بەشوو دەدات، لەبەرئەوەی توانای بەخێوکردن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەو کچانەی نییە».

نەغەدە بە پێویستی دەزانێت، پێگەیاندن و دروستکردنی ئیرادەی کچان و کوڕان لە پەروەردەوە دەست پێبکات. ئەو رایوایە پەروەردە دەبێت لەو بوارەدا پلانی ورد و بابەتییانەی پەروەردەیی هەبێت، بۆ ئەوەی گەنجان تووشی بڕیاری هەڵە و پەشیمانبوونەوەی قورس نەبن، گوتیشی: «لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێژەی ئافرەتانی کارمەند زۆرتر

**مرۆڤ لە تەمەنی نەوجەوانی و هەرزەکاریدا کەسێکی کامڵ نییە، تەنیا منداڵێکی گەورەیە و نازانێت بەرپرسیاریەتی و خێزانداری چییە**

**پێگەیاندن و دروستکردنی ئیرادەی کچان و کوڕان لە پەروەردەوە دەست پێبکات. پەروەردە دەبێت لەو بوارەدا پلانی ورد و بابەتییانەی پەروەردەیی هەبێت، بۆ ئەوەی گەنجان تووشی بڕیاری هەڵە و پەشیمانبوونەوەی قورس نەبن**

**زوو بە شوودانی کچان بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار و قەیرانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دروستکردووە**

**مەلاکان بە هیچ شێوەیەک لە دەرەوەی داداگاش کچانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ مارە نەکەن، حکومەت و پەرلەمانیش ڕێکاری یاسایی بگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە هاوسەرگیریی پێشوەخت و سەرپێچیکارانیش سزای یاساییان بۆ دابنرێت**

**ژمارەیەکی زۆری دایکان کارمەندن و لە دەرەوەی ماڵەوە لە دەزگایەکی حکوومی، یان کەرتی تایبەت کاردەکەن، ئافرەتی وا هەیە بەیانیان دەوامی هەیە و ئێواران دەوامێکی دیکە دەکات، کاتی ئەوەی نابێت بۆ کاتژمێرێک ئامۆژگاری منداڵەکانی بکات و گوێ لە کێشەکانیان بگرێت. بۆیە پێویستە پەروەردە ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و لە پەروەردەکردنی زانستییانەی نەوەکاندا کاری زیاتر بکات و یارمەتیدەری خێزان بێت**

**هەمیشە مرۆڤە تەندروست و دەروون دروستەکان ئەو کەسانەن کە هەمیشە بە قەناعەتەوە دەتوانن ژیان بکەن، چونکە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی مەترسییەکی گەورەی هەیە بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان**

بووە، واتە ژمارەیەکی زۆری دایکان کارمەندن و لە دەرەوەی ماڵەوە لە دەزگایەکی حکوومی، یان کەرتی تایبەت کاردەکەن، ئافرەتی وا هەیە بەیانیان دەوامی هەیە و ئێواران دەوامێکی دیکە دەکات، کاتی ئەوەی نابێت بۆ کاتژمێرێك ئامۆژگاری منداڵەکانی بکات و گوێ لە کێشەکانیان بگرێت. بۆیە پێویستە پەروەردە ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و لە پەروەردەکردنی زانستییانەی نەوەکاندا کاری زیاتر بکات و یارمەتیدەری خێزان بێت.»

سیروان ڕەسوڵ بەرپرسی ناوەندی لاوانی دیانا، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات: پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی پیرۆزە کە هەردوو ڕەگەز لە سەربنەمای ڕێز و سۆز و خۆشەویستی بڕیاری لەسەر دەدەن و مەرجە لەسەر ئەو بنەمایە خێزانێکی بەختەوەر پێکەوە بنێن و بە هۆشیاری بڕیار لە سەر ئایندەی خێزانەکەیان بدەن.

سیروان فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان هاوسەران بۆ هۆکارگەلێك دەگەڕێنێتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە مەزەندەی زۆربەی لێکۆلەران هۆکاری سەرەکیی کێشەی خێزانی بریتین لە جیاوازی ئاستی تەمەن، گوتیشی: «دوو هاوسەر جیاوازیەکی زۆر لە ئاستی تەمەنیان هەبێت، زۆر زەحمەتە بتوانن پێکەوە بگونجن، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەو دیاردەیە بەدی دەکرێت و کچێکی تەمەن بچووك بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕێك، یاخود پیاوێك دەدات کە تەمەنێکی زۆر لەو گەورەتری هەیە، ئەوەش ڕەنگە بەرژەوەندییەکی لە پاڵەوە بێت و پاڵنەرێك هەبێت کە ئەو پرۆسەیە لەو شێوەیە بنیاد بنرێ، بێگومان ئەنجامی خراپیشی بەدواوە دەبێت و زۆر جار ناپاکیی هاوسەری لێدەکەوێتەوە و لە کۆتاییدا یان جیابوونەوەیە، یان لەوانەیە کۆتاییهێنان بە ژیانی کەسێکی لێبکەوێتەوە. هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری یەکێك لە هۆکار و بنەما هەرە گرنگەکانی پێکەوەژیانە، ئەگەر ئەو ئاستە لێك نزیك نەبێت و لێك تێنەگەیشتنی تێدا نەبێت، ئەوا مەحاڵە ئەو ژیانە سەربگرێت، چونکە کێشەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات پەرەدەسێنێت و لە کۆتاییدا بە لێکترازان و جیابوونەوە کۆتایی دێت.»

دەروونناس سامان سیوەیلی سەرۆکی سەنتەری خێزان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زۆرینەی گەنجانی وڵاتی ئێمە بە هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ئاشنانین و خاوەن ڕۆشنبیریی ژیانی هاوسەری نین. واتە بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵگەکەمان زۆربەیان بە سایکۆلۆژی و پێداویستییە ڕۆحییەکانی ڕەگەزی بەرامبەر ئاشنانین، تەنانەت لە نێو پڕۆگرامی خوێندنیشدا نەمانتوانیوە تاك پەروەردە بکەین یاخود گەنجانی وڵاتی خۆمان پەروەردە بکەین تاوەکو ئاشنایان بکەین بە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، کاتێکیش گەنجی وڵاتی ئێمە پێ دەنێتە قۆناغی هاوسەرگیری بە نەشارەزاییەوە پێ دەنێتە ناو ئەو پرۆسەیە، جا ئەگەر ئەو کەسە تەمەنی یاسایی تەواو نەکردبێت و بەر لە ١٨ ساڵی هاوسەرگیری بکات، گرفتەکانی گەلێك زیاتر دەبن، تەنانەت هەر ڕەگەزەو لە خودی خۆیەوە دەڕوانێتە بەرامبەرەکەی، بەبێ ئەوەی بزانێت کە ئەوە ڕەگەزێکی جیاوازە و پێداویستییە جنسی و ڕۆحییەکانیشی جیاوازە، بۆ نموونە ڕەگەزی مێینە هەمیشە ئەولەوییەتی لە ژیانیدا پێداویستی بە سۆز و خۆشەویستییە، بەڵام لای ڕەگەزی نێر ئەو پێداویستییە ژمارە یەك نییە، بەڵکو پاڵنەری سێکسی و غەریزەی جنسی لای ئەو بە پلەی یەکەم دێت، بەداخەوە بەشێك لەپیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە کاتێك پێ دەنێنە قۆناغی هاوسەرگیری ڕەچاوی سۆز و خۆشەویستی ناکەن، لەبەرئەوەی لەم وڵاتەدا چەپاندنی سێکسی زۆرە، کوڕە سەرەتا هەندێك موجامەلات لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکانی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر دەکات، پاش ماوەیەك لە تێپەڕبوونی ژیانی هاوسەری کە جۆرێك لە تێربوون ڕوودەدات، پاشەکشە لەمامەڵەکردن و موجامەلەکردن دەکات، جگە لەوەی کوڕ و کچی وڵاتی ئێمە بەر لەهاوسەرگیری ئەرکی دیکەیان لەسەر شان نییە و وەکو دوو مرۆڤی ڕۆمانسی دەردەکەون، بەڵام کاتێك دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و هاتنە ئارای منداڵ، کارکردنی زۆر، ماندووبوون و شەکەت بوونی جەستە، فشاری ئابووری و دەروونی لەئەرك و بایەخدانەکانیان بەیەکتر کەمدەکاتەوە، ئەو فشارانە زۆرجار پەل دەکێشێتە ناو جێگەی نووستن، بۆ نموونە هەندێکجار ئەو جەستانەی زۆر ماندوون و ئەو بارە دەروونییانەی زۆر نائارامن، ئارەزووی سێکسیشیان کەمدەبێتەوە، ئەوەش کاریگەری دەخاتە سەر کەمبوونەوەی سۆز و خۆشەویستی، لە کاتێکدا هەندێ کاتی هاوسەران هەیە کە بە هێڵی سوور دادەندرێت و ناکرێ بدرێتە کەسانی دیکە، یان بە کارکردن و سەرقاڵبوون بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەسەری ببەن. بۆ نموونە گرنگە خێزان لانیکەم هەفتانە دەرچوونێکیان بەیەکەوە هەبێت، گرنگە هەفتانە جارێك بۆ دووجار هاوسەران دانیشتنی تایبەتیان لەسەر ژیانی تایبەتی خۆیان هەبێت، بەدەر لەوە گرنگە هەموو شەوێك و هەموو ڕۆژێك لەوکاتانەی کە لەکاتی کارکردنیان دەمێنێتەوە، پشکی شێر لەکاتەکان بە یەکتر ببەخشن. ڕاستە ژیانکردن سەخت بووە و مرۆڤەکان نیازیان بەکارکردنی زیاترە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نایەت کە لەسەر حیسابی ژیانی خێزانی بێت. هەمیشە مرۆڤە تەندروست و دەروون دروستەکان ئەو کەسانەن کە هەمیشە بە قەناعەتەوە دەتوانن ژیان بکەن، چونکە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی مەترسییەکی گەورەی هەیە بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان.»

مافناس و یاریدەری دادوەری شۆڕش حەسەن، لە ڕووی یاساییەوە پرسەکە تاوتوێ دەکات و سەرەتا هێما بۆ ئەوە

دەکات کە بە پێی یاسای ژمارەی ١٨٨ سالی ١٩٥٩ی عێراقی بە پشت بەست بە ماددەی ٧ بڕگەی یەکەم، یەکێك لە مەرجەکانی هاوسەرگیری ئەوەیە کە دەبێت ئەهلییەتی هاوسەرگیری لە ژن و پیاودا هەبێت، واتە تەمەنی ١٨ ساڵی تەواوبێت، بەڵام لە مادەی ٨ دا هاتووە، دادوەر بۆی هەیە ئەگەر کەسیك ١٥ ساڵی تەواو کردبوو بە ڕەزامەندی وەلی ئەمری دوای ئەوەی بۆ دادوەر ئەوە دەر دەکەوێت کە کەسەکە لیوەشاوەیی جەستەیی و عەقڵی هەیە بۆ هاوسەگیری، دەتوانی بە ڕەزامەندی وەلی ئەمری مارەی ببرێت و ریگەی هاوسەرگیری پێ بدات، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هاوسەرگیرییە زەرووڕەتێکی هەبوو، بەڵام لە هەریمی کوردستان دوای دەرچوونی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ کارکردن بە حوکمی ئەو مادەیە ڕاگیراوە و بەم شێوازەی لێهاتووە: هەر کەسێك ١٦ ساڵ تەمەنی تەواو کرد وداوای هاوسەرگیری کرد، دادوەر بۆی هەیە رێگەی پی بدات، ئەگەر دەرکەوت شایستە و توانای جەستەی هەیە ئەمەش دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیار (وەلی ئەمر) و ئەگەر سەپەرشتیار رێگربوو، ئەوا دادوەر داوادەکات لە ماوەیکی دیاریکراودا قایل بێت، ئەگەر رەخنەی نەگرت، یان رەخنەکەی شیاو نەبوو، ئەوە دادوە ریگەی ئەو هاوسەرگیرییە دەدات. لە لایەکی دیکەوە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ و لە مادەی ٣٢٩ بڕگەی ١و٢ هاتووە: هەر کەسێك هەڵسێت بە ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەری بۆ کچێکی (قاصر) لە دەرەوەی دادگا، ئەوە سزادەدریت بە زیندانیکردن، یان غەرامەکردن.» گوتیشی: «هاوسەرگیری لە خوار تەمەن ١٦ ساڵی بە هیچ شێوەیەك نابێت و پێچەوانەی یاسایە و هەر کەسێك بیکات، ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە، بەپێی یاسای عێراقیش دەبێت ١٥ ساڵی تەواو کردبێت، وەلی ئەمری رازی بێت، لە حاڵەتی رازی نەبوون، دادوەر بۆی هەیە ڕێگە بدات.»

پەرلەمانتار کەژاڵ هادی فەقێ جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی لە رووی یاساییەوە قەدەغەیە، لەبەر ئەوەی لەو تەمەنەدا شێوازێك لە پێگەیشتن و کامڵبوونی ئەقڵی دروست نەبووە، بۆیە یاسا رێگەی هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی نادات، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا کە لە دەرەوەی دادگا و لە رێگەی مەلاکان مارەبڕین ئەنجام دەدرێ، ئەوا دادگا ناچار دەبێ گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە تۆمار بکات، لە خولی رابردووی پەرلەمانیش بۆ قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە کاری زۆر کرا و بە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی هەوڵی رێگریکردن لە هاوسەرگیریی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ دراوە، لە خولی ئێستاشدا لە بەرنامەی کارماندایە کە بە بڕگەیەك لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی قەدەغەکردنی ئەو دیاردەیە زیاد بکەین، گەرچی کۆمەڵێ مادده و بڕگەی ئەو یاسایە نەچۆتە بواری جێبەجێکردن و گرفت بۆ لایەنی جێبەجێکار دروستدەکات، بۆیە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و چەند رێکخراوێك دەمانەوێ ئەو یاسایە هەموار بکەینەوە». گوتیشی: «لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیاسایەك هەیە بە ناوی (مەئزونی شەرعی) واتا رێپێدراوی شەرعی بۆ رێکخستنی مارەبڕین، کە پڕۆژەی ئەنجومەنی دادوەری بووە و خۆیان ئاراستەی پەرلەمانیان کردووە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی خوێندنەوەی خۆی بۆ کردووە، لە پەرلەمانی کوردستانیش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئێمەش یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە بەردەستماندایە و دەمانەوێ هەمواری بکەینەوە.

د. مهاباد کامل عەبدوڵڵا مامۆستای بەشی کوردی لە زانکۆی سلێمانی، لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هاوسەرگیریی پێشوەخت و پاشوەختیش بێ کێشە و گرفت نییە و لە هەر دوو جۆری ئەو هاوسەرگیرییە و بەتایبەتی لە هاوسەرگیریی پێشوەختدا کچان لە زۆر رووەوە تووشی کێشەی گەورە دەبنەوە». گوتیشی: «بەداخەوە هاوسەرگیریی پێشوەخت بۆتە دیاردە و تەنانەت قوتابییەکانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ کە وەردەگیرێن، نزیکەی ٥٠ تا ٦٠٪یان هاوسەرگیرییان کردووە، بەتایبەتی کچەکان، هەروەها ژمارەی ئەو کچانەش کە لە قۆناغی ئامادەیی بە شوو دەدرێن کەم نین، ئەوەش چەندین هۆکاری هەیە، هۆکاری یەکەم: نەبوونی رۆشنبیریی خێزانە بەرامبەر بە مەترسییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەخت، هۆکاری دووەم ترسی دایك و باوکەکانە لەوەی کچەکەیان تووشی هەڵەیەك بێت، هۆکاری سێیەم باری ئابووریی خێزانە و لەوانەیە توانای ئەوەیان نەبێت خەرجی خوێندنی کچەکەیان تا ئاستی خوێندنی باڵا دابین بکەن، هۆکاری چوارەمیش ئەوەیە کە هەندێك لە دایك و باوکان سەربەستی و ئازادییەکی زۆر بە کچەکەی خۆیان دەدەن بۆ چوونە ناو ژیانی هاوسەری، کاتێکیش پرسیاریان لێدەکەن کە بۆچی کچیان وا بە منداڵی بە شوو داوە؟ دەڵێن: خواستی خۆی بووە. زۆرجاریش دایك و باوك لە بەردەم هاوسەرگیریی پێشوەختە رێگر بوون، بەڵام کچەکە هەڕەشەی خۆسووتاندنی کردووە، هۆکارێکی دیکە ئەوەیە هەموو جۆرە خەڵکێك لە بیانی و عەرەب و کوردیش چ وەك ئاوارە و چ وەك کاسبکار رژاونەتە وڵاتەکەمان و ئەوانیش زۆرجار بە ناچاری، یان بە خواستی خۆیان، کچیان لە ژێر تەمەنی یاسایی بە شوو دەدەن، بەڵام بەگشتی و بە هەر هۆکارێك ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە کاردانەوەی باشی نەبووە، زۆر جاریش دەرەنجامەکەی جیابوونەوە، یان زیاتربوونی کێشەی خێزانی

**ڕەگەزی مێینە هەمیشە ئەولەوییەتی لە ژیانیدا پێداویستی بە سۆز و خۆشەویستییە، بەڵام لای ڕەگەزی نێر ئەو پێداویستییە ژمارە یەک نییە، بەڵکو پاڵنەری سێکسی و غەریزەی جنسی لای ئەو بە پلەی یەکەم دێت**

**کوڕ و کچی وڵاتی ئێمە بەر لەهاوسەرگیری ئەرکی دیکەیان لەسەر شان نییە و وەکو دوو مرۆڤی رۆمانسی دەردەکەون، بەڵام کاتێک دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و هاتنە ئارای منداڵ، کارکردنی زۆر، ماندووبوون و شەکەت بوونی جەستە، فشاری ئابووری و دەروونی لەئەرک و بایەخدانەکانیان بەیەکتر کەمدەکاتەوە، ئەو فشارانە زۆرجار پەل دەکێشێتە ناو جێگەی نووستن**

**هاوسەرگیریی پێشوەخت بۆتە دیاردە و تەنانەت قوتابییەکانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ کە وەردەگیرێن، نزیکەی ٥٠ تا ٦٠٪یان هاوسەرگیرییان کردووە، بەتایبەتی کچەکان، هەروەها ژمارەی ئەو کچانەش کە لە قۆناغی ئامادەیی بە شوو دەدرێن کەم نین**

**زۆرینەی گەنجانی وڵاتی ئێمە بە هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر ئاشنانین و خاوەن رۆشنبیریی ژیانی هاوسەری نین. واتە بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵگەکەمان زۆربەیان بە سایکۆلۆژی و پێداویستییە رۆحییەکانی رەگەزی بەرامبەر ئاشنانین، تەنانەت لە نێو پرۆگرامی خوێندنیشدا نەمانتوانیوە تاک پەروەردە بکەین یاخود گەنجانی وڵاتی خۆمان پەروەردە بکەین تاوەکو ئاشنایان بکەین بە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر، کاتێکیش گەنجی وڵاتی ئێمە پێ دەنێتە قۆناغی هاوسەرگیری بە نەشارەزاییەوە پێ دەنێتە ناو ئەو پرۆسەیە، جا ئەگەر ئەو کەسە تەمەنی یاسایی تەواو نەکردبێت و بەر لە ١٨ساڵی هاوسەرگیری بکات، گرفتەکانی گەلێک زیاتر دەبن**

و کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە، ئێستاش بەپێی ئامارەکان دەبینین رێژەی تەڵاق لە رێژەی هاوسەرگیری زیاترە. واتە کاتێك کچێك نەگەیشتۆتە تەمەنێك کە راست و چەپی خۆی لە یەك جیابکاتەوە، یان لە رووی جەستەیی و عەقڵییەوە بە تەواوی گەشەی نەکردووە، چۆن دەتوانێت بەرپرسیارەتی قورسی هاوسەرداری و خێزانداری و دایکایەتی هەڵبگرێ؟ ئەو کچانەی زوو شوو دەکەن، بە رووکەش هەڵدەخەڵەتێن و پێیانوایە کە هاوسەرگیری تەنیا رۆژی ئاهەنگ و کراسی بووکێنی لەبەرکردن و چوونە سەفەر و سەیرانە، دواتر دەزانن بەرپرسیارێتییەکەیان زۆر لەوە گەورەترە کە چاوەڕێیان دەکرد. گەرچی هەموو ئەو هاوسەرگیرییانە لەوانەیە نەگاتە جیابوونەوە، بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکانیان قووڵتر دەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئەو کچەی کە هاوسەرگیری پێشوەختی ئەنجامداوە، لە رووی ئابوورییەوە هیچ داهاتێکی نییە و خاوەن گیرفانی خۆی نییە، بۆیە تا کۆتایی ژیانی دەبێت هەر چاوەڕێی دەستی هاوسەرەکەی بکات، هەروەها ئەزموونی ئەوەشی نییە کە ئابووری ماڵ وخێزانەکەی هەڵسووڕێنێ و پاشەکەوتی هەبێت و حیسابێك بۆ داهاتوو بکات، زۆرجار پیاوان گلەیی ئەوە لەمجۆرە ئافرەتانە دەکەن، بەوەی دەستبڵاون و پارە بە هەدەر دەدەن و ناتوانن ماڵ بەڕێوەببەن».

کەسایەتی ئەکادیمی و ئایینی د. بەشیر خەلیل حەداد سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژەی بەوە کرد کە «قەدەغەکردنی هاوسەرگیریی کچان لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ ئەوە شتێکە زیاتر کۆمەڵە و رێکخراوەکان بە ناوی ئازادی و مافی مرۆڤ باسی دەکەن، ئەو تەمەنە لە شەرعی ئیسلامی پیرۆزدا رەچاو نەکراوە و لە رووی شەرعییەوە پێوەرەکە بلووغە، نەك تەمەن، چونکە کچ هەیە لە تەمەنی ١٠ ساڵان و هەشە لە تەمەنی ١٤ و ١٥ ساڵان بە تەمەنی بلووغ دەگات، ئەوەش پەیوەستە بە سروشت و شوێن و کەش و هەوای ژینگەیی کە وا دەکات کچان لەو شوێنانەی کە گەرمترن لە رووی کەش و هەوا زووتر بە تەمەنی بلووغ دەگەن، بلووغیش بەو مانایە کە کچەکە لە رووی ئەندامانی لەش و جەستەیەوە گەشەی تەواوی کردبێت. لە رووی عەقڵیشەوە دەبێت گەشەی کردبێت و لانیکەم دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە بڕیار بدات، لەبەر ئەوەی لەکاتی مارەکردن رای وەردەگرن. هەر وەها کە کچ شوو دەکات، ماڵێك ئاوەدان دەکاتەوە، دواتر دەبێتە دایك و منداڵ پەروەردە دەکات و ئەرکی هاوسەرداری و خێزانی لە ئەستۆ دەبێت، واتە کۆمەڵێك ئەرکی قورسی دەکەوێتە سەرشان کە دەبێت توانای راییکردنی هەبێت، بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ئەرکانە منیش لەگەڵ ئەوەم کچ لە تەمەنی ١٨ و تەنانەت بیست ساڵان شوو بکات، بەڵام بە مەرجێك کە گەرەنتییەك هەبێت بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دوور لە وروژاندن بژی، نەك بەرەڵایی کۆمەڵایەتی کە تووشی هەڵە و لادانی بکات. بەتایبەتی لە ئێستادا کە کرانەوەی کۆمەڵگە و عەولەمە و گلۆبالیزەیشن و میدیا و تەکنەلۆژی ئینتەرنێت و فەیسبووك و مۆبایل و ستەلایت وایکردووە منداڵ لە تەمەنێکی کەم فێری زۆر شت دەبێت، کچ ئەو هەموو فیلم و زنجیرە فیلمانە دەبینێت و لە هەر کام لەو فیلمانەش شتێك فێر دەبێت، کە زۆربەیان پڕن لە وروژاندن و هاندان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی ناشەرعی لە نێوان کوڕان و کچان و هەر ئەو پەیوەندییانەش چەندین کێشە و گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتییان دروست کردووە، بۆیە دایك و باوك ترسیان زۆرە لەوەی کچیان بە لاڕێدا بڕوات، یان تووشی کێشەیان بکات، دیارە کچ لە پاش ١٨ و تەنانەت ٢٠ ساڵانیش لە رووی عەقڵییەوە گەشە دەکات و دروستکردنی ژیانی خێزانیش هەم بلووغی جەستەیی و هەم بلووغی فکری پێویستە، بەڵام بەو هۆکارانەی باسکران، دایك و باوك هەندێکجار بەوە رازی دەبن کە کچی خۆیان لە ژێر تەمەنی ١٨ساڵیش بە شوو بدەن.»

د. مهاباد کامل عەبدوڵڵا چارەسەر و رێکاری نەهێشتنی هاوسەرگیریی پێشوەخت بەوە دەستنیشان دەکات کە «مەلاکان بە هیچ شێوەیەك لە دەرەوەی دادگاش کچانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ مارە نەکەن، حکومەت و پەرلەمانیش رێکاری یاسایی بگرنەبەر بۆ رێگریکردن لە هاوسەرگیریی پێشوەخت و سەرپێچیکارانیش سزای یاساییان بۆ دابنرێت».

کەژاڵ هادی فەقێ جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان، یەکێك لە رێگەکانی چارەسەر بەوە دەزانێت کە پەرلەمانی کوردستان زیاتر گرنگی بە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ بدات و گوتیشی: «ئێمە لە بەرنامەی کارەکانماندایە کۆمەڵێك بڕگە و ماددەی یاسای باری کەسی ئیشی لەسەر بکەین و بە شێوەی قۆناغبەندی ئیشەکان ئەنجامبدەین، لەسەرووی هەموویانەوە هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانییە کە دەمانەوێ قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵی تێدا جێگە بکەینەوە، ئەوەش تا رادەیەکی زۆر دەبێتە رێگەیەك بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە و دیاردەکەش کەمتر دەکاتەوە».

بێگومان قەیرانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری لە تەمەنی نەشیاو هۆکاری سەرەکیی زیادبوونی رێژەی جیابوونەوەی هاوسەرانن. هەروەها زیادبوونی خیانەتی هاوسەری و خراپی باری ئابووری و خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژی رێژەی تەڵاقی بەرز کردۆتەوە. چالاکانی بواری مافی ئافرەت جەخت لەوە دەکەنەوە کە بنەماکانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی ئێمە بە شێوەیەکی تەندروست نییە و زیاتر پاڵنەرە سێکسییەکان وادەکات کە ژیانی هاوبەش و هاوسەری

دروست بکرێ. بۆیە بە پێویستی دەزانن میدیاکان و ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی بەرنامە بۆ ئایندەی گەنجان دابنێن و زیاتر بایەخ بە بنەماکانی خێزان بدەن و هەوڵبدەن کچان و کوڕان وشیاربکەنەوە سەبارەت بەوەی لە چ تەمەنێك بایەخ بە پرۆسەی هاوسەرگیری بدەن. یەکێك لە ڕێکارەکانی چارەسەر و کەمکردنەوەی ڕێژەی جیابوونەوەکانی هاوسەرانیش ئەوەیە کە بە یاسا هاوسەرگیری مێردمنداڵان قەدەغە بکرێت و سەنتەر و ڕێکخراوەکانی حکوومی و کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵبدەن وۆرکشۆپ و خولی درێژخایەن بکەنەوە و بەشێوەیەکی زانستی گەنجان بەرامبەر بە پرۆسەی هاوسەرگیری وشیار بکەنەوە.



لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی یۆنسێفی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی بەشوودانی کچانی ژێر ١٥ ساڵ هۆشداری داوەتەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و داوای کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە دەکات. هاوکات ئاشکرای دەکات کە ساڵانە لە جیهاندا ٢٣ ملیۆن کچی ژێر ١٥ ساڵ بە مێرد دەدرێن.

لە بەیاننامەکەی یونسێف (سندووقی منداڵانی نەتەوەیەکگرتووەکان) دا هاتووە کە لە ئاستی جیهاندا یەك لەسەر سێی ژنانی تەمەن ٢٠ تاکو ٢٤ ساڵانی ئێستا کە دەکاتە ٧٠ ملیۆن، لە تەمەنی ژێر ١٥ ساڵییەوە ناچارکراون هاوسەرگیری بکەن. سەرەڕای پێشنیازی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ وڵاتان لەساڵی ١٩٩٤ بۆ سەرخستنی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ١٨ ساڵ، هێشتا زیاتر لە ٥٠ وڵاتدا هاوسەرگیری منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ یاساییە، کەچی بەهۆی ئەو دیارەدەیە، ساڵانە نزیکەی ٥٠ هەزار ژنی دووگیان لە تەمەنی ١٥ تا ١٩ ساڵی لەئاستی جیهاندا گیانیان لەدەست دەدەن.

ڕاپۆرتەکەی بە وتەیەکی باڵیۆزی یونسێف کۆتایی پێدەهێنین:

ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی و باڵیۆزی یونسێف سابینە کریستیانسن: «بۆ کچێکی منداڵ، ئاهەنگی شایی و شووکردنەکەی بە واتای دەستپێکی ژیانێکی خۆش نییە، بەڵکو کۆتاییەکی توندوتیژانەی سەردەمی منداڵییەتی».